**Published in:** **First International Conference on Education for Active Citizenship, Linguistic and Cultural Diversity, And Inclusivity**

**Date of Conference:** 9-11 Sep 2025 **DOI:** 10.25212/lfu.qzj.11.1.3

**Publisher:** Qalaai Zanist **Scientific** Journal **Conference Location:** Iraq, Erbil

**E-ISSN:** 2518-6566 **Date Added to Qalaai Zanist Scientific Journal:** 30-1-2026

# کاریگەری ستراتیژی ئاڵوگۆڕی فێربوون لەسەر بەرەو پێش بردنی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە

**پێشەوا فارس عبدالله**

بەشی باخچەی منداڵان, پەروەردەی بنەڕەتی , زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق

Peshawa.abdullah@soran.edu.iq

**ئەڤین خلیل عبدالواحید**

بەشی زانستە گشتییەکان, پەروەردەی بنەڕەت, زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق

ak4721@gsci.soran.edu.iq

**مەیادە میکائیل بهاءالدین**

بەشی زانستە گشتییەکان, پەروەردەی بنەڕەت, زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق

Mm3521@gsci.soran.edu.iq

## پوختە

لەو ئێستایەی تێیدا دەژین، بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی لە هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتی دا ڕوودەدەن، گرنگیدانی زیاتر بە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و بەرەو پێشبردنی کارامەییە جۆراوجۆرەکان بوونەتە پێویستی بۆ ژیانی هەر تاکێك لە پێناو ژیانێکی باشتر و پڕ دەستکەوتتر. بۆ ئەوەی پرۆسەی پەروەردە کاریگەرتر بێت و ئامانجەکانی خۆی بە شێوەیەکی ئەکادیمی بپێکێت پێویستە پەروەردەکاران کۆمەڵێك تەکنیکی کاریگەر و جۆرەها ستراتیژی جیاواز بەکاربینن. یەکێکیش لەو ستراتیژی و چالاکییە پەروەردەیانەش ستراتیژی ئاڵوگۆڕی فێربوونە (Reciprocal Strategy). ئامانجی ئەو توێژینەوەیە دەستنیشانکردنی کاریگەری ستراتیژی ئاڵوگۆڕی فێربوونە لەبەرەو پێشبردنی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی داهینەرانەی قوتابیانی گروپی تاقیکاری و دزاتر بەراوردکردنیەتی لەگەڵ گروپی کۆنترۆڵ. توێژەران بە شێوەیەکی کرداری (4) هەنگاوەکەی ستراتیژیەکەیان پوختەکردن، پرسیارکردنو ڕوونکردنەوە و پێشبینیکردن لە بابەتی زانست بۆ هەمووان لەگەڵ گروپی تاقیکاری جێبەجێکرد. هەروەها گروپی کۆنترۆڵی بە ڕێگای ئاسایی وانەکانیان بۆ ڕووندەکرایەوە، لە دوای کۆکردنەوەو شیکردنەوەی ئاماری داتاکانی هەردوو گروپی توێژینەوە لە گۆڕاوەکانی تەمەن، نمرەی سمستەری یەکەمی بابەتی زانست بۆ هەمووان ، بیرکردنەوەی داهێنەرانە و نمرەی زیرەکی هەردوو گروپەکە هاوسەنگ بوون. لەدوای جێبەجێکردنی ستراتیژی ئاڵوگۆڕی فێربوون لەسەر گروپی تاقیکاری و دواتر بەراوردکردنی لەگەڵ کۆنترۆڵ گروپ، بەهای تائی دۆزراوە یەکسان بوو بە 3.53 کە ئەم بەهایەش گەورەترە لە بەهای تائی خشتەیی کە لە نمرەی ئازادی 43 دەکاتە 2.021 ئەمەش مانای وایە بەکارهێنانی ستراتیژی ئاڵوگۆڕی فێربوون کاریگەری هەبووە لەسەر بەرەو پێشبردنی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانەی قوتابیانی گروپی تاقیکاری.



**وشە سەرەکییەکان**

*Reciprocal Strategy, Student-Center, Teaching Style, Creative Thinking, Collaboration*

## 1.پێشەکی:

لەم ئێستایە ئاڵۆزەدا کە گۆڕانکارییەکان ئەوەندە خێراو بەردەوام و جۆراوجۆرن پەروەردە دەتوانێت وەکو هاندەرێك و چارەسەرکارێك کاربکات بۆ بەیەکەوە بەستنەوەیەکی پیشەگەرانەی سەرجەم ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ژیانی تاکدا ڕوودەدەن. ئەم بەیەکەوە بەستنەوەیە یارمەتیدەر و ئیلهام بەخش دەبێت بۆ وردبونەوەیەکی ڕەخنەگرانە و بەرەوپێشبرنی سەرجەم لایەنە فکرییەکان(Kereluik et al., 2013) . زیاتر لەوانەش، پەروەردە پردێك لەنێوان نەوە و تێگەیشتنە جیاوازەکان دروست دەکات و بەجۆرێك تاکەکان هاندەدات کە گوێ لە هەموو دەنگێکی بەرز و نزم و پەراوێزخراو بگرن، کە ئەم تێگەیشتنەش دەبێتە بنچینە و بنەمای پێگەیاندنی کەسانی بیرمەند و داهێنەر و خاوەن دیدگا و تێروانینێکی جیاواز. بە مانایەکی دیکە، پەروەردە سنوورە چەند جارە بووەکانی پۆل تێدەپەڕێنێت و سەرتاپەی ژیان دەگرێتەوە(Beers, 2011) .

پەروەردە لە سەدەی (21) دا بە دەست گەیشتن بە جۆرەها زانیاری و تێکەڵکردنی تەکنەلۆژیا لەگەڵ قوتابخانەکان و پۆلی قوتابیان تایبەتمەندە. جگە لەوانەش، بەکارهێنانی جۆرەها چالاکی فێربوون و تەکنیك و میتۆد و ستراتیژی وانەوتنەوەی جیاواز سیما گەلێکی دیکەی پەروەردەن لەم سەدەیەی ئێستادا. هەموو ئەوانەش یارمەتیدەری پەروەردەکارانن بۆ خۆ بەدوورگرتن لە بەڕێوەبردنی پۆل بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و پلان بۆ دانەڕێژراو و بەکارهێنانی ئەو تیۆرانەی کە وەڵامدەرەوەی و ئاڕاستەکەری ژینگەجیاوازەکانن، کە هەموو ئەوانەش دەبنە بنچینەیەك بۆ بەرەو پێشچوونی کارامەییە جیاوازەکانی وەك چاراسەری کارای کێشەکان، کارامەیی پەیوەندییەکان و کارامەییە جیاوازەکانی بیرکردنەوە و جۆرە جیاوازەکانی بیرکردنەوە... هتد .(Wulandari, 2021)

بیرکردنەوە بەمانا فراوانەکەی ئەو پێویستییە مەعریفیەیە کە تاکەکان لە ڕێگەیەوە زانیارییە نوییەکان بە پشت بەستن بە ئەزموونەکانی پێشوویان شیدەکەنەوە و مانایان پێدەبەخشن بۆ چارەسەری کێشەکان و بڕیاردانی دروست و پێشبینیکردنی ئەنجامەکان. پرۆسەی بیرکردنەوە کارلێکێکی ئاڵۆزە چونکە کۆی پرۆسەکانی هەڵهێنجان و خەیاڵکردن و بیرهاتنەوە و تێگەیشتن و شیکردنەوە و داهێنان لەخۆدەگریت، کە بە پشت بەستن بەو پێکهاتانە، کۆی پرۆسەی بیرکردنەوەی دەتوانرێت دابەشبکرێت بەسەر چەندین جۆری بیرکردنەوە، لەوانەش بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، ڕەنگدانەوەیی، داهاتوویی، و داهێنەرانە (Dawson et al., 2024).

بیرکردنەوەی داهێنەرانە هەستکردنە بە کێشە و کەلێنەکان لە بوارێکی دیاریکراو. دواتر هەوڵدان بۆ دانانی گریمانەکان و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو. بە مانایەکی دیکە، بیرکردنەوەی داهێنەرانە توانای تاکە بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمێکی ئامانجدار و نوێ کە نەرمایەتی و ڕەسەنایەتی دوو تایبەتمەندی داهێنانەکەن. کە دەکرێت پەروەردەکار و فێرکار سوود لە چەندین تەکنیك و میتۆدی هاوچەرخ وەربگرێت بۆ بەرەوپێشبردنی کارامەییە جیاوازەکان (Samaniego et al., 2024).

گەلێکن ئەو ستراتیژی و میتۆدانەی کە قوتابی تەوەرن وقوتابی ڕۆڵی سەرەکیان تیایدا هەیە، ستراتیژی ئاڵوگۆڕی فێربوون یەکێکە لەو ستراتیژیانەی وانەگوتنەوە کە فێرکاران و پەروەردەکاران دەتوانن لە پۆلدا لەگەڵ فێرخوازان جێبەجێیبکەنکە جگە لەبەرەو پێشبردنی کارامەییە جیاوازەکان جۆرێك لە ئارامی و متمانەبەخۆی بە قوتابیەکان دەبەخشێت لەبەر ئەوەی لە کاتی جێبەجێکردنی (4) چوار هەنگاوەکەی (پوختەکردن، پرسیارکردن، ڕوونکردنەوە، پێشبینیکردن) فێرخوازان بەخۆیان گشت چالاکییە فێربوونیەکان ئەنجام دەدەن (Mafaraj et al., 2023).

## 2. ستراتیژی ئاڵوگۆری فێربوون:

ستراتیژی ئاڵوگۆڕی فێربوون ستراتیژێکی فێرکاری هاوبەشە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەیشتن و قوڵبوونەوە لە بابەتیکی دیاریکراو لە پێناو بەرەو پێشبردنی کارامەییە جۆربەجۆرەکانی قوتابیان جیبەجێدەکرێت. فێرخوازان لە گروپی بچووکی (4) یان (5) کەسی گفتوگۆ لەگەل یەکتری دەکەن. قوتابیان لەهەمان کاتدا ڕۆڵی جیاوازیان دەبێت بە گوێرەی هەنگاوەکانی ستراتیژیەکە کە ڕۆڵەکانی  پوختەکار و پرسیارکار و ڕوونکەرەوە و پێشبینیکار دەبینن، کە ئاساییە ڕۆڵی دیکەی لاوەکیش بۆ پرۆسەکە زیادبکرێت (Mawlood & Abbas, 2022). کۆی ڕۆڵەکان لەنێوان قوتابیان ئاڵوگۆڕ دەکرین، کە هەر ڕۆڵێك لەو ڕۆڵانە هانی قوتابی دەدات بە قوڵی کارلێك لەگەڵ بابەتەکان بکات، ئامانجیش لەو ئاڵوگۆڕکردنی ڕۆڵانەش ئەوەی قوتابیان سوود لە گشت چالاکییەکان ببینن و کارامەییە تایبەتەکانیان بەرەو پێش بچێت (Oczkus, 2018).

## 2.1 تایبەتمەندییەکانی ستراتیژی ئاڵوگۆڕی فێربوون:

ستراتیژی ئاڵوگۆڕی فێربوون جەخت لەسەر فێرکردنی یەکتری دەکاتەوە بۆ باشتر تیگەیشتن و شیکردنەوەی بابەتەکان. ستراتیژی ئاڵوگۆڕی فێربوون بە پێی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی و چۆنیەتی بەکارهێنانی چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، کە ئەم خاڵانەی خوارەوە چەند تایبەتمەندییێکن:

1. قوتابیان بە شیوەی گروپ گفتوگۆ لەسەر بابەتیکی دیاریکراو دەکەن لە پێناو تیگەیشتنی زیاتر، لە سوودەکانی ئەو گفتوگۆیە هاوبەشە، لە سوودەکانی ئەو گفتوگۆیەش پتەوکردنی پەیوەندییە لە نێوان قوتابیان لەگەل یەکتری و دواتر لەگەڵ مامۆستایان، هەروەها دەرفەتێکی زیاتر بە قوتابیان دەدات بۆ ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموونی فێربوونی لەگەڵ یەکتری(Ningrum & Chakim, 2020) .
2. کرۆکی بەکارهینانی ستراتیژی ئاڵوگۆڕی فێربوون بەکارهێنانی تەکنیك و میتۆدی جیاوازە لەوانەش تەکنیکەکانی پوختەکردنەوە و پرسیارکردن و ڕوونکردنەوە و پێشبینیکردنن(Ningrum & Chakim, 2020) .
3. ڕۆڵبینیی جیاواز تایبەتمەندیەکی دیکەیە، هەر قوتابییێك چەند ڕۆڵێکی جیاواز دەبینێت.
4. ڕۆڵی مامۆستا ڕێنماییکار و هەڵسەنگێنەرە بۆ بەرێوەچوونی کۆی پرۆسەکە. لە هەمان کاتدا، قوتابیان ڕۆڵی جێبەجێکاری هەنگاوەکانی ستراتیژییەکە دەبینن و تەوەرەی سەرەکی پرۆسەکەن(Ahmadi & Ismail, 2012).
5. ستراتیژی ئاڵوگۆڕی فێربوون دەتوانرێت لەگەڵ بابەتگەلی وەك زانست بۆ هەمووان، مێژوو، کیمیا، فیزیا. بیرکاری ... هتد بگونجێنرێت(Ahmadi & Ismail, 2012) .
6. بە شیوەیەکی گشتی جیبەجیکردنی ئەو ستراتیژییە لە پۆلدا متمانە بەخۆی قوتابیان بەرزدەکاتەوە، چونکە قوتابیان لە گشت کار و چالاکیەکانیان بەرپرسن (Hoppner & Griffith, 2011).
7. ستراتیژی ئاڵوگۆری فێربوون یارمەتیدەری قوتابیانە بۆ بەرەو پێشبردنی کارامەییەکانی کاری بەیەکەوەیی و ڕێکخراوەیی، لەبەر ئەوەی کۆی کارەکان بە شیوەی گروپ بەئەنجام دەگەیەنرین(Hoppner & Griffith, 2011).

## 2.2 گرنگی ستراتیژی ئاڵوگۆڕی فێربوون:

وەرگرتنی زانیاری بەتەنها ئامانجی بەکارهێنانی ستراتیژی ئاڵوگۆڕی فێربوون نییە، ئەو کاتە ئامانجە سەرەکییەکە بەدیدێتکە زانیارییە وەرگیراوەکان بەکاربێن بۆ چالاکی جۆراوجۆر و ئەو

زانیاریانە ببنە هەوێنی تیگەیشتنێکی جیاواز بۆ کێشە و بابەتەکان و دروستکردنی تێڕوانینێکی زیندوو و کارا بۆ سەرتاپەی ژیانی دەرەوەی پۆل. بە مانایەکی دیکە، ئەم ستراتیژییە بەتەنها کارامەیی تێگەیشتن بەرەو پێش نابات، بەڵکو هانی قوتابیانیش دەدات بۆ ئەوەی گرنگی زیاتر بە ئاستە باڵاکانی بیرکردنەوەی وەك شیکردنەوە، داهێنان، ڕەخنەگرتن، کۆکردنەوە و هەڵسەنگاندن بدەن(Cárdenas & López Pinzón, 2019).

پۆلە مۆدێرنەکان کە بە هەمەچەشنی و ئاڵۆزی تایبەتمەندن بەکارهێنانی ئەو میتۆد و ستراتیژیانەیان تیادا پەسەندە کە قوتابی تەوەرن، ئەم سترایژییەش قوتابی تەوەرە و هانی قوتابیان دەدات کارلێك لەگەڵ هەمەشنی و ئاڵۆزییە جیاوازەکان بکەن. جگە لەمانەش، یارمەتیدەری قوتابیانە بۆ خستنەڕووی بیرۆکەکانیان و بەرزکردنەوەی ئاستی گفتوگۆکردنیان دەربارەی بیرۆکەکانیان(Mafarja, Zulnaidi, & Fadzil, 2022) .

**2.3 پێکهاتەکانی ستراتیژی ئاڵوگۆڕی فێربوون:**

ستراتیژی ئاڵوگۆڕی فێربوون چەند پێکهاتەیەکی هەیە، کە پێکهاتەکانی لەم خاڵانەی خوارەوە دەخەینەڕوو

1. پێشبینیکردن: مامۆستا بە بەردەوامی هانی قوتابیان دەدات بۆ ئەوەی بەشداریەکی کارایان لە پڕۆسەکەدا هەبێت بە پێشبینیکردن یان گریمانە دانان دەربارەی ناوەڕۆکی بابەتەکە لە پێش شیکردنەوەی بابەتەکە لە لایەن مامۆستاوە(Ahada, 2023).
2. پرسیارکردن: قوتابیان کۆمەڵێك پرسیار دەربارەی ئەو بابەتە دروست دەکەن کە لە لایەن مامۆستاوە شیکراوەتەوە یان بەخۆیان دەیخوێننەوە، وا باشترە پرسیارەکان دەربارەی چەمکە سەرەکیەکان یان ئەو چەمکانە بن کە دەبنە هۆکاری سەرلێشێوان . ئەم پرسیارکردنەش هانی بیرکردنەوەی قوڵتر و تێگەیشتنی باشتر دەدات بۆ بابەتەکە(Palmiano & DPA, 2020).
3. ڕوونکردنەوە: قوتابیان گفتوگۆ دەکەن دەربارەی پرسیارەکان و گەڕان بە دوای دۆزینەوەی وەلامی گونجاو دەکەن(Lestari, 2015).
4. چوختەکردن: چڕکردنەوەی بیرکردنەوەیە لەسەر بیرۆکە سەرەکیەکان، هەروەها لەم قۆناغەدا کۆی وەڵام و چارەسەرە دۆزراوەکان پوخت دەکرێنەوە. ئەم قۆناغەش یارمەتی دەرە بۆ جیاکردنەوەی زانیارییە سەرەکیەکان و لاوەکیەکان(Lestari, 2015).

## 2.4 بەربەستەکانی بەردەم جێبەجێکردنی ستراتیژی ئاڵوگۆڕی فێربوون:

لە کاتی جێبەجێکردنی ستراتیژی ئاڵوگۆڕی فێربوون چەند بەربەستێك دێتە بەردەم پەروەردەکار کە ئەم خەڵانەی خوارەوە هەندێکیانن ,(Okkinga et al., 2021) :(Greenway, 2010)

1. جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی ستراتیژی ئالوگۆری پێویستی بە کاتی زۆر هەیە.
2. زۆری ژمارەی قوتابیان لە پۆلدا هۆکارێکی دیکەیە لە بوونی کەم و کوڕی لە کاتی جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی ستراتیژییەکە.
3. شارەزانەبوونی مامۆستا لە ستراتیژییەکە وا دەکات هەنگاوەکان و تەکنیکەکان وەکو خۆی جێبەجێ نەکرین و ئامانجەکە وەکو خۆی بەدی نەیەت.
4. شارەزا نەبوونی مامۆستا لە ستراتیژی و تەکنیکەکانی هاندانی قوتابیان تاکو بەشداریەکی کارایان هەبێت لە پرۆسەکە.
5. قوتابیان ئەرکی زۆریان پێدەسپێردرێت، کە لەوانەیە ئەمەش ببێتە هۆکارێك بۆ پێڕانەگەیشتن بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی دیکە قوتابخانەیان.

توێژەران چەند چارەسەرێکیان داناوە بۆ نەهێشتنی یان کەمکردنی کاریگەری ئەم بەربەستانە کە دەکریت چارەسەری دیکەش پێشنیاربکرێن بە پشت بەستن بە کات و شوێنی جیاواز. واباشە مامۆستا پێش ئەوەی دەستبکات بە جێبەجێکردنی ستراتیژیەکە پلان بۆ هەموو چالاکیەکان دابنێت بە پشت بەستن بە کاتی دیاریکراو. هەروەها کاتێك ژمارەی قوتابیان زۆر بن لە پۆلدا دەکرێت زیاتر لە مامۆستایەك بەشداربێت لە وانەوتنەوە، یان مامۆستای سەرەکی یاریدەدەرێکی هەبێت، هۆکاری دروستبوونی ئەو بەربەستانەش دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی کە مامۆستایان شارەزاییان نییە لە ستراتیژییەکە بۆیە پێش ئەوەی ستراتیژیەکە جیبەجێ بکرێت پێویستە مامۆستا شارەزای هەموو هەنگاوەکانی ستراتیژیەکە بێت. هەروەها پێویستە مامۆستا رۆڵی چاودێر و رێنمایکار ببینێت بۆ ئەوەی هەموو قوتابیان بەشدار بن لە چالاکیەکان و قوتابییەك بە تەنها هەموو کارەکانی بە ئەنجام نەگەیەنێت.

## 2.2. بیرکردنەوەی داهێنەرانە:

بیرکردنەوەی داهێنەرانە پرۆسەیەکی مەعریفی باڵا و پێشکەوتووی ئامانجدارە. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە دەکەوێتە ئەو دیوی سنووری بیرکردنەوەی ئاسایی. ئەم پرۆسەیە بنچینەی بەرهەمهێنانی بیرۆکەی نوێ و ڕەسەنە، جگە لە تێکەڵکردنی بیرۆکە جیاوازەکان و فرە

ڕەهەندەکان. زیاتر لەوانەش، هانی تاك دەدات بۆ ئەوەی لە دیدگا و تێڕوانینی جیاواز لە کێشەکان بکۆڵێتەوە و کێشەکان بە شێوازێکی جیاواز و داهێنەرانە دابڕێژێتەوە، لە پێناو دۆزینەوەی چارەسەرێکی داهینەرانە. هەموو ئەوانەش لە ئەنجامی پڕاکتیزەکردن و لێکۆڵینەوەو تێگەیشتنێکی قوڵ بۆ کێشەکان و دیاردەکانەوە بەدی دێت (Samaniego et al., 2024).

## 2.2.1 تایبەتمەندییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە:

بیرکردنەوەی داهینەرانە وەکو هەرجۆرێکی دیکەی بیرکردنەوە چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، لەو تایبەتمەندیانەش:

1. بیرکردنەوەی داهێنەرنە بەوە جیادەکرێتەوە کە بیرکردنەوەیەکی نەرمە، بەو مانایەی چەقبەستوو نییە، بە ئاسانی مامەڵە لەگەڵ چەمکە جیاوازەکان دەکات (Al-Mahasneh, 2018).
2. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە چوارچیوەیەکی دیاریکراوی نییە، واتە سەربەستە و لە قالب نادرێت(Kim, 2019).
3. لەم جۆرە بیرکردنەوەیەدا بیرۆکەکان بە تەنها پەییان پێنابردرێت و داناهێنرێن، بەڵکو سەرەڕای پێشکەشکردنی بیرۆکەکان ڕێگاکانی بەدیهێنانیش پێشنیار دەکرێن و وردەکاریەکان دەخرێنە ڕوو(Timotheou & Ioannou, 2021)..
4. خەیاڵکردن بنەمایەکی سەرەکی یە بۆ بیرکردنەوەی داهێنەرانە (Timotheou & Ioannou, 2021)..
5. بیرکردنەوەی داهێنەرانە زادەی درککردنە بە واقع و کێشەکان، واتە درککردن بە کێشەکان و زانینی گشت ڕەهەندەکانی دەبنە بنچینەیەك بۆ بیرکردنەوە بە شێوەیەکی داهێنەرانە (Al-Mahasneh, 2018).
6. بیرکردنەوەی داهێنەرانە هانی تاکەکان دەدات بۆ ئەوەی کە گوێگربێت بۆ هەموو دەنگ و ڕەنگەکان بۆ ئەوەی سوود لە هەمووان وەربگرێت و داهێنان لە بیروبۆچونە جیاوازەکانەوە هەڵبهێنجێت(Timotheou & Ioannou, 2021).

## 2.2.2 گرنگی بیرکردنەوەی داهێنەرانە:

له سەدەی 21 دا بیرکردنەوەی داهێنەرانە ڕۆڵێکی گرنگ و یەکلاکەرەوە دەبینێت بۆ ڕووبەڕووبونەوە و چارەسەرکردنی ئەو ئاڵنگاریانەی کە بەردەوام لە ئاڵۆزبووندان. بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە ئاستێکی باڵادا هەموو سنوورەکانی بیرکردنەوەی ئاسایی تیدەپەڕێنێت لە کۆکردنەوەی زانیارییە جۆراوجۆرەکان و سەلماندنی گریمانەکان. جگە لەمانەش، بیرکردنەوەی داهێنەرانە هەر بەتەنها بنچینەی داهێنان نییە، بەڵکو ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە وەرگرتنی بڕیاری ستراتیژی و دەستپێشخەری لە ئەنجامدانی جۆرەها توێژینەوە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا لە پێناو دۆزینەوەی چارەسەری داهینەرانە. کە بنچینەی هەموو ئەو گرنگیانەش لە بەرەو پێشچوون و فراوانبوونی تێڕوانین و تێگەیشتنی تاکەوە سەرچاوە دەگرێت (Ningsih, Sujadi, & Subanti, 2017).

## 2.2.3 کارامەییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە:

بیرکردنەوەی داهێنەرانە چەند کارامەییەکی هەیە، ئەم خالانەی خوارەوە هەندیکن لە کارامەییەکان(Ayasrah et al., 2023; Solihat et al., 2023) .

1. ڕەسەنیتی: هاوتایی دەگرێتەوە واتا هێنانە کایەی بیرۆکەی نوێ و جیاوازە لە هەموو ئەو بیرۆکانەی لە دەوری کێشەیەك دا هەیە.
2. نەرمی: بە مانای چەقنەگرتن دێت لەدەوری چەند شتێکی دیاریکراو. هەروەها نەرمی توانای تاکە بۆ گۆڕانکاری کردن لە بیرۆکەکان بە گوێرەی ئەو گۆڕانکاریانەی لە بابەتەکە ڕوودەدەن.
3. هەستکردن بە کێشە: توانای تاکە لە دیاریکردنی کەلێن و کەم و کورتیەکان لە بابەتێکی دیاریکراو. کە ئەم کارامەیش بە بنچینەی دۆزینەوەی چارەسەر دادەنرێت بۆ کێشەکان.
4. وردەکاری: ئەم کارامەییە ئاماژەیە بۆ توانای تاك لە پێدانی وردەکاری بۆ چارەسەری گونجاوی کێشەیەکی دیاریکراو.
5. زمان پاراوی: توانای تاکە لە پێشکەشکردنی وشە و واتاکان.

توێژەران پیوەرێکی تایبەتیان بەکارهێناوەی بۆ پێوانەکردنی کارامەییەکانی ڕوونی و ڕەوانی و ڕەسەنێتی.

## 2.2.4 بەربەستەکانی بەردەم بەرەو پێشچوونی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە:

لە کاتی هەوڵدان بۆ بەرەو پێشبردنی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە، هەندیك بەربەست دێنە بەردەم پرۆسەکە، کە ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن (Beloyianni & Zbainos, 2021; de Alencar, Fleith, & Pereira, 2017):

1. یەکێك لە هۆکارەکانی هێواش بەرەو پێشچوونی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە چڕکردنەوەی ئامانجە فێرکارییەکانە لەسەر لەبەرکردنێکی ڕەهای بابەتەکان، بەو مانایەی ئەو قوتابیە زیرەکە کە بتوانێت زۆرترین زانیاری بەبیر خۆی بێنێتەوە.
2. ئەو چالاکییە پەروەردەییانەی کە لەناو یان دەرەوەی پۆل ئەنجام دەدرێن زۆر بە کەمی هانی قوتابیان دەدەن بۆ پشت بەستن بە خۆیان و گەڕان بەدوای چارەسەرێکی داهێنەرانە.
3. نەبوونی پەیوەندی لە نێوان چالاکییە پەروەردەییەکان و ژیانی ڕۆژانەی قوتابیان، کۆسپێکی دیکەیە لەبەردەم بەرەو پێشچوونی بیرکردنەوەی داهینەرانە.
4. نەبوونی ژینگەیەکی پەروەردەیی کە قوتابیان تیایدا پێشبڕکێیەکی داهێنەرانە بۆ دۆزینەوەی وەڵامەکان بکەن.
5. بەهەند وەرنەگرتنی دەستکەوتی قوتابیان لەلایەن زۆرێك لە مامۆستایان و کارگێڕی قوتابخانەکان.
6. نەبوونی زانیاری پێویست لەلایەن مامۆستایانەوە لەسەر پرۆسەی داهینان و داهینەرایەتی.
7. شارەزانەبوونی مامۆستایان و پەروەردەکاران لە ڕێگا هاوچەرخەکانی وانەوتنەوە و پێداگۆجی نوێ.

توێژەران پێیان وایە دەکرێت ئەم بەربەستانە لابدرێن یان کاریگەریان کەمبکرێتەوە بە ڕەچاوکردنی ئەم هۆکارانەی خوارەوە.

1. جۆراوجۆرکردنی ئامانجە فێرکارییەکان. واتە تەنها لە ئاستە سەرەتاییەکان وانەکان شینەکرێنەوە.
2. ئەو چالاکییە پەروەردەییانەی کە ئەنجام دەدرێن چالاکی جۆراوجۆر بن و هانی قوتابیان بدات بۆ پشت بەخۆبەستن و چارەسەری کێشەکان.
3. دروستکردنی پێشبڕکێیەکی تەندروست و دوور لە گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان قوتابیان.

4. کردنەوەی چەندین خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایان تاکو شارەزابن و زانیاری پێویست بەدەست بێنن لە پرۆسەکانی داهێنان و ستراتیژی و تەکنیکە هاوچەرخەکانی وانەوتنەوە.

## 2.3 توێژینەوە پەیوەندیدارەکان:

### Kula & Budak (2020) 2.3.1

ئەم توێژینەوەیە لە وڵاتی تورکیا ئەنجام دراوە بە ناونیشانی کاریگەری ستراتیژی ئاڵوگۆڕی فێربوون لەسەر تیگەیشتن و بیرهاتنەوە و درککردن بە تواناکانی خود. لەم توێژینەوەیەدا ژمارەی قوتابیانی گروپەکانی کۆنترۆڵ و تاقیکاری (25،25) قوتابی بوون. توێژەران پێوەرێکی تایبەتیان بەکارهێناوە بۆ پێوانەکردنی درککرد بە تواناکانی خود، هەروەها تاقیکردنەوەیەکی تایبەتیشیان بۆ گۆڕاوەکانی تیگەیشتن و بیرهاتنەوە ئامادەکردووە. لەدوای شیکردنەوەی زانیاریەکان، ئەنجامەکان دەریانخست کە کە جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی ستراتیژی ئاڵوگۆڕی فێربوون کاریگەری هەبووە لەسەر کارامەییەکانی تیگەیشتن و بیرهاتنەوەی قوتابیانی ، بەڵام کاریگەری نەبووە لەسەر درککردن بە تواناکانی خودی گروپی تاقیکاری.

### Mafarja, Zulnaidi & Fadzl (2022) 2.3.2

توێژەران ئەم توێژینەوەیان ئەنجام داوە لە وڵاتی فەلەستین بە مەبەستی دەستنیشانردنی کاریگەری ستراتیژی ئاڵوگۆڕی فێربوون لەسەر بەرەو پێشبردنی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە. ژمارەی قوتابیانی بەشدار لە توێژینەوەکە (120) قوتابی بووە کە دابەشکراون بەسەر (4) گروپی توێژینەوە، هەر گروپێك (30) قوتابی لەخۆگرتووە. توێژەران گروپەکانی توێژینەوەکانیان بە هەرەمەکی هەڵبژاردووە کە دوو گروپیان تاقیکاری بوونە و دووگروپەکەی تریش کۆنترۆڵ بوونە،بۆ پیوانەکردنی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی داهینەرانە توێژەران پیوەرێکی ئامادەکراویان بەکارهێناوە. لەدوای جێبەجیکردنی ستراتیژی ئاڵوگۆڕی فێربوون ئەنجامەکان دەریانخست کە بەکارهینانی ستراتیژی ئاڵوگۆڕی کاریگەری هەبووە لەسەر بەرەو پێشبردنی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی رەخنەگرانەی قوتابیانی گروپەکانی تاقیکاری بە بەراورد لەگەڵ قوتابیانی گروپەکانی کۆنترۆڵ.

### Zubaidah et al (2017) 2.3.3

ئەم توێژینەوەیە ئەنجام دراوە بە ناونیشانی بەرەو پێش بردنی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە قوتابیان بە ئاویتەکردنی ستراتیژییەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی و نەخشەی هزری. کۆمەڵگەی توێژینەوەی (51) قوتابخانە بووە، کە تەنها (3) قوتابخانە بە هەڕەمەکی هەڵبژێردراون کە کۆی قوتابیان (96) قوتابی بووە، ئەم قوتابیانە دابەش کراونەتە سەر (3) گروپ، گروپیکیان گشت وانەکانیان وەرگرتووە بە ستراتیژی لێکۆڵینەوەی زانستی، گروپیکی تریان بە نەخشەی هزری، گروپی کۆنترۆلیش بە ڕێگا ئاساییەکە وانەکانیان وەرگرتووە. لە دوای شیکردنەوەی داتاکان ئەنجامەکان دەریانخست کە کارامەییەکانی بیرکردنەوەی داهینەرانەی گروپەکانی کۆنترۆڵ بەرەو پێش چووە بە بەراورد لەگەڵ قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵ.

### Utami et al (2017) 2.3.4

توێژەران توێژینەوەیەکیان ئەنجام داوە بە ناونیشانی باشترکردنی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی داهینەرانە بەبەکارهینانی ستراتیژییەکانی فێربوون لەسەر بنەمای کێشە و پەیژەی فێربوون. نموونەی تویژینەوەی ژمارەی (144) قوتابی بووە، کە دابەشکراونەتە سەر (3) گروپ، ژمارەی قوتابیان لەهەر گروپێك (48) قوتابی بووە، کە دوو گروپیان وەکو گروپی تاقیکاری بوونە گروپێکیان وانەکانیان وەرگرتووە بە پشت بەستن بە ستراتیژییە تێکەڵەکە، گروپی دووەمیشیان وانەکانیان وەرگرتووە بە ستراتیژی پەیژەی فێربوون، گروپی سێیەمیش گروپی کۆنترۆڵ بووە. کارامەییەکانی بیرکردنەوەی داهینەرانە بە تاقیکردنەوەیەکی وتاری پێوانەکردووە. بە شێوەیەکی گشتی بەکارهێنانی ستراتیژییەکان کاریگەری هەبووە لەسەر بەرەو پێشبردنی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە.

## 3 ڕێبازی توێژینەوە

### 3.1 دیزاینکردنی توێژینەوە

ئەو توێژینەوەیە پشتی بە ڕێبازی تاقیکاری بەستووە، بە بەراورد بە ڕێبازەکانی تری ئەنجامدانی توێژینەوە، بە ڕێبازێکی ئاڵۆز ترو وردتر دادەنرێت، چونکە لەم جۆرە ڕێبازە پێویستە توێژەران داتایەکی هەمەلایەنانەی زۆری قوتابیان کۆبکەنەوە، زیاتر لەوەش، هەر بە تەنها کۆکردنەوەی داتا کاری سەرەکی نییە، بەڵکو دەبێت توێژەران بە ئامرازێکی ئاماری گونجاویش داتاکان

شیبکەنەوە (Al-Azzawi, 2008)

| گروپ | تاقیکردنەوەی سەرەتایی | گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی بەستراو |
|---|---|---|---|
| تاقیکاری | بیرکردنەوەی داهێنەرانە | ستراتیژی ئاڵوگۆڕی | بیرکردنەوەی داهێنەرانە |
| کۆنترۆڵ | | وانەوتنەوەی ئاسایی | |

شێوە (3.1): دیزاینی توێژینەوە

## 3.2 کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە

کۆمەڵگەی توێژینەوە قوتابخانە ناوەندیەکانی قەزای سۆرانن کە ژمارەیان 35 قوتابخانەیە، هەرچی نموونەی توێژینەوەیە کە قوتابیانی پۆلی هەشتەمی قوتابخانەی ناوەندی ئازادی کچانە، توێژەران بە شێوەیەکی هەڕەمەکی گروپی تاقیکاری و کۆترۆڵیان هەڵبژارد بۆ ئەوەی کاریگەری ستراتیژیەکە بە تەواوی لەسەر بەرەو پێشچوونی کارامەییەکانی قوتابیان دەربکەوێت لە خشتەی (3.1) ژمارەی قوتابیان و گروپەکانی تاقیکاری و کۆنترۆڵ ستراتیژیەکانی وانەوتنەوەی هەر گروپێك خراونەتە ڕوو.

خشتەی (3.1): گروپەکانی توێژینەوە و ژمارەی

| پۆلی 8 | گروپی توێژینەوە | شیوازی وانەوتنەوە | ژمارەی قوتابیان |
|---|---|---|---|
| A | تاقیکاری | ئاڵوگۆڕی فێربوون | 23 |
| B | کۆنترۆڵ | ئاسایی | 22 |
| کۆ | | | 45 |

## 3.3 هاوسەنگی نێوان گروپەکان

توێژەران هاوسەنگی نێوان هەردوو گروپی تاقیکاری و کۆنترۆڵی دیاریکردووە بە وەرگرتنی هەندیك گۆڕاو بە مەبەستی دیاریکردنی کاریگەریەکی تەواوی ستراتیژیەکە لەسەر بەرەو پێشبردنی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە.

### 3.3.1 تەمەنی فێرخوازان

توێژەران تەمەنی زەمەنی قوتابیانیان بە مانگ وەرگرتووە لە بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەی دواناوەندی ئازادی کچان، لە دوای شیکردنەوەی تەمەنی قوتابیان بە مانگ بە بەکارهێنانی Independent-Sample T Test کە هەردوو گروپی توێژینەوە هاوسەنگن لەڕووی تەمەنەوە.

خشتەی (3.2): ناوەندە ژمێری، لادانی پێوەری، بەهای تائی دۆزراوەی هەردوو گروپ بۆ گۆڕاوی تەمەنی زەمەنی

| گروپ | ژمارەی قوتابیان | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | بەهای تائی | | جیاوازی ئاماری لە ئاستی گوزارشتی (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | دۆزراوە | خشتەیی | هیچ جیاوازیەکی ئاماری نییە |
| تاقیکاری | 23 | 166.43 | 11.04 | 1.78 | 2.021 | |
| کۆنترۆڵ | 22 | 173.45 | 15.15 | | | |

### 3.3.2 کۆنمرەی بابەتی زانست بۆ هەمووان

توێژەران کۆنمرەی وانەی زانستەکان بۆ هەردوو گروپی توێژینەوە بۆ سمستەری دووەم لە بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەی ناوەندی ئازادی کچان وەرگرت. لە دوای بەراوردکردنی نمرەی قوتابیان لە بابەتی زانست بۆ هەمووان شیکردنەوەی زانیاریەکان بە پشت بەستن Independent T-Test ئەنجامەکان دەریانخست کە هەردوو گروپی توێژینەوە هیچ جیاوازیەکی ئاماریان نییە، کە لە خشتەی (3.3) ئەنجامەکان خراونەتە ڕوو.

خشتەی (3.3): بەراوردی کۆنمرەی وانەی زانست بۆ هەمووان بۆ هەردوو گروپی توێژینەوە

| گروپ | ژمارەی قوتابیان | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | بەهای تائی | | جیاوازی ئاماری لە ئاستی گوزارشتی (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | دۆزراوە | خشتەیی | |
| تاقیکاری | 23 | 56.51 | 16.27 | 0.51 | 2.021 | هیچ جیاوازیەکی ئاماری نییە |
| کۆنترۆڵ | 22 | 59.82 | 25.28 | | | |

### 3.3.3 بیرکردنەوەی داهێنەرانە

توێژەران پێوەری تۆرانسیان بۆ پێوانەکردنی کارامەییەکانی (ڕوونی، ڕەوانی و ڕەسەنایەتی) بەکارهینا بۆ هەردوو گروپی توێژینەوە بەکارهێنا. لە پێش جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی ستراتیژی ئاڵوگۆری ئاستی بیرکردنەوەی داهێنەرانە بۆ هەردوو گروپ بەراوردکرا بە بەکارهێنانی Independent-Sample T Test، کە زانیاریەکان بەم شێوەیە بوون.

خشتەی(3.4). پیشاندانی ناوەندە ژمێری و لادانی پێوەری و بەهای تائی بۆ کارامەییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانەی هەردوو گروپی توێژینەوە

| گروپ | ژمارەی قوتابیان | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | بەهای تائی | | جیاوازی ئاماری لە ئاستی گوزارشتی (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | دۆزراوە | خشتەیی | |
| تاقیکاری | 23 | 27.57 | 2.69 | 1.10 | 2.021 | هیچ جیاوازیەکی ئاماری نییە |
| کۆنترۆڵ | 22 | 29.86 | 2.21 | | | |

### 3.3.4 نمرەی زیرەکی قوتابیان

بۆ بەراوردکردنی نمرەی زیرەکی قوتابیان، توێژەران تێستی ڕاڤنیان بەکارهینا کە لە لایەن (Al-Dabagh, 1983) گونجێنراوە بۆ ژینگەی عێراق، تێستەکە دابەش بووە بەسەر (5) کۆمەڵە هەر گروپێك (12) وێنەی تێدایە، هەر وێنەیەکیش (6) هەڵبژاردنی تێدایە، لە کۆمەڵەکانی

(5،4،3) بۆ هەر وینەیەك (8) هەڵبژاردن هەیەکە نمرەی قوتابی لەدوای وەڵامدانەوە لە نێوان (0 -60) دەبێت، توێژەران Independent-Sample T Test بەکارهێنا بۆ بەراوردکردنی نمرە بەدەستهاتووەکان. کە ئەنجامی تێستکە لە خشتەی (3.5) خراوەتەڕوو.

خشتەی(3.5). بەراوردی نمرەی زیرەکی گروپی تاقیکاری و گروپی کۆنترۆڵ

| گروپ | ژمارەی قوتابیان | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | بەهای تائی | | جیاوازی ئاماری لە ئاستی گوزارشتی (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | دۆزراوە | خشتەیی | |
| تاقیکاری | 23 | 27.57 | 2.69 | 0.078 | 2.021 | هیچ جیاوازیەکی ئاماری نییە |
| کۆنترۆڵ | 22 | 29.86 | 2.21 | | | |

### 3.4 دورخستنەوەی قوتابیان

ژمارەی قوتابیان لە گروپی تاقیکاری و کۆنترۆڵ (27 و26) بوون یەك لەدوای یەك لە دوای دوورخستنەوەی ئەنجام و نمرەی بەشێك لە قوتابیان بە هۆکاری ئامادە نەبوونیان و ساڵی دووەمیان لە هەمان پۆل ژمارەی قوتابیان لە گروپی تاقیکاری کەمبوونەوە بۆ (23) قوتابی و ژمارەی قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵیش کەمبوونەوە بۆ (22) قوتابی.

### 3.5 پێوەری بیرکردنەوەی داهینەرانە:

توێژەران پێوەری تۆرانسیان بەکارهێنا بۆ پێوانەکردنی کارامەییەکانی ڕوونی و ڕەوانی و ڕەسەنی، کە پێوەرەکە خۆی لە (3) چالاکی دەبینیەوە. چالاکی یەکەم کۆمەڵێك وێنەبە قوتابیان دەدرێت، پێویستە قوتابی ناونیشانێك بۆ وێنەکە دابنێت و هەندێك نووسین دەربارەی وێنەکە بکات، نمرەی قوتابی لەو چالاکییە لەنێوان (0-5) نمرە دەبێت. لە چالاکی دووەم کۆمەڵێك هێلکاری ناتەواو درا بە قوتابیان، هکە ئەرکی قوتابی ئەوە بوو هێڵکارییەکان تەواو بکات و ناونیشانێکی گونجاویان بۆ دانێت نمرەی قوتابی لەو چالاکییە لە نێوان (0-10) نمرە دەبێت. لە

چالاکی سێ یەم (35) بازنە دەدرێت بە قوتابی، ئەرکی قوتابیان لەو چالاکییە ئەوە بوو کە لەناو هەر بازنەیەک وێنەیەك بکێشێت بەبێ ئەوەی وینەکان لەناو بازنەکە بچنە دەرەوە و دووبارە بنەوە. قوتابی ئەو نمرەیەی بەدەستی دەهێنێت لەنێوان (0-35) نمرە دەبێت.
توێژەران ڕاستگۆی ڕووکەشیان بۆ پێوەرەکە بەکارهێناوە، هەروەها بۆ دیاریکردنی جێگیریش هاوکێشەی ئەلفا-کرۆنباخ (Alpha-Chronbach) یان بەکارهێنا، جێگیری پێوەرەکە (0.80) بوو، ئەم نمرەیەش گونجاون بۆ بەکارهێنانی پێوەرەکە.

### 3.6 کاتی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە (6) هەفتەی لە قوتابخانەی ناوەندی ئازادی کچان خایاند. دەستپێکی توێژینەوەکە ڕۆژی یەك شەممە ڕیکەوتی 2025/2/2 بوو کۆتا ڕۆژی ئەنجامی توێژینەوەکەش ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2025/3/10 بوو.

## 4 . ئەنجام و گفتوگۆ:

لەدوای جێبەجێکردنی ستراتیژی ئاڵوگۆڕی فێربوون لەگەڵ قوتابیانی گروپی تاقیکاری، توێژەران تاقیکردنەوەی کۆتاییان لەگەڵ قوتابیان ئەنجامدا، لە دوای شیکردنەوە و بەراوردکردنی نمرەی تاقیکردنەوەی سەرەتا و کۆتا بەبەکارهێنانی Paired-Sample T Testئەنجامەکان بەو شێوەیەی خوارەوە بوون.

خشتەی(5.1). بەراوردی تێستی سەرەتایی و کۆتایی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی داهینەرانەی قوتابیانی گروپی تاقیکاری

| گروپی کۆنترۆڵ | ژمارەی قوتابیان | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | بەهای تائی | | جیاوازی ئاماری لە ئاستی گوزارشتی (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | دۆزراوە | خشتەیی | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تاقیکردنەوەی سەرەتا | 22 | 27.57 | 8.10 | 9.10 | 2.07 | جیاوازی ئاماری هەیە |
| تاقیکردنەوەی کۆتایی | | 42.43 | 3.70 | | | |

لە دوای ئەوە توێژەران نمرەی تێستی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانەیان بۆ هەردوو گروپی تاقیکاری و کۆنترۆڵ بەراورد کرد بەبەکارهێنانی Independent-Sample T Test، کە ئەنجامەکەی لە خشتەی (5.2) پیشاندراون.

خشتەی(5.2). بەراوردی تێستی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی داهینەرانەی قوتابیان لە نێوان گروپەکانی توێژینەوە

| گروپ | ژمارەی قوتابیان | جیاوازی ناوەندە ژمێری | جیاوازی لادانی پێوەری | بەهای تائی | | جیاوازی ئاماری لە ئاستی گوزارشتی (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | دۆزراوە | خشتەیی | |
| تاقیکاری | 23 | 14.87 | 7.84 | 3.53 | 2.021 | جیاوازی ئاماری هەیە |
| کۆنترۆڵ | 22 | 8.23 | 4.16 | | | |

ئەنجامەکانی خشتەی (5.1) و (5.2) ئەوە پیشان دەدەن کە بەکارهێنانی ستراتیژی ئاڵوگۆڕی فێربوون کاریگەری هەبووە لەسەر بەرەو پێشبردنی کارامەییەکانی ڕوونی، ڕەوانی، ڕەسەنایەتی قوتابیانی گروپی تاقیکاری. بە مانایەکی تر، بەرەو پێشچوونی کارامەییەکانی ڕوونی ورەوانی و ڕەسەنایەتی لەخۆوە نەبووە، بەڵکو بەرەو پێشچوونی ئەو کارامەییانە لەژێر کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژی ئاڵوگۆڕی فێربوون بووە. توێژەران لەکاتی جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی ستراتیژی ئاڵوگۆڕی فێربوون کۆمەڵێك گۆڕانکاریان لە قوتابیان بەدیکرد لەو گۆڕانکاریانەش:

1. بەهێزبوونی پەیوەندی لەنێوان قوتابیان لەگەڵ یەکتری و لەگەڵ مامۆستا، لەبەر ئەوەی بەبەردەوامی لەناو پۆلدا قوتابیان کارلێکیان لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ مامۆستا دەکرد.

2. ئەو ستراتیژییە قوتابیان هاندا بۆ گرنگیدانی زیاتر بە کات، چونکە هەنگاوەکان پیویستیان بە کات هەیە بۆیە هەر کەمتەرخەمیەك لە جیبەجێکردنی هەنگاوەکان دەبوە هۆی تەواو نەکردنی ئەرکەکان.
3. ئاسانتر بوونی بابەتی زانستەکان لەلای قوتابیان چونکە قوتابیان بەخۆیان زۆربەی کارەکانیان دەکرد، ئەمەش بووە هۆکارێك بۆ ئەوەی بابەتەکان ئاسانتر و چێژبەخشتربن.
4. دروستبوونی ژینگەیەکی پەروەردەیی کە حەزی قوتابیانی بۆ خویندنی بابەتی زانست بۆ هەمووان زیاتر دەکرد.
5. بەکارهێنانی ستراتیژی ئاڵوگۆڕی فێربوون بوارێکی زیاتری بۆ قوتابیان ڕەخساند بۆ خویندنەوە و بەراوردکردنی زانیارییەکان.

لە کاتێکدا قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵ تەنها وەکو گوێگرێگی هەندێکجار کارا و هەندیکجار ناکارا بەشدار دەبوون لە وانەکان. کە ئەم خاڵانەی سەرەوە زۆر بە کەمی بەدی دەکران لە قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵ.

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە پاڵپشتی ئەنجامەکانی توێژینەوەکانی (Kula & Budak, 2020), (Mafarja, Zulnaidi & Fadzl, 2022) ، (Zubaidah et al, 2017), (Utami et al, 2017) لە بەکارهێنانی ستراتیژی و تەکنیکی جیاواز بۆ بەرەو پێشبردنی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە.

## 5. دەرئەنجام و پێشنیارەکان

ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی ئەوە توێژینەوەیە ئەوە دەردەخات کە ستراتیژی ئاڵوگۆڕی فێربوون کاریگەرییکی ئەرێنی هەبووە لەبەرەو پێشبردنی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی داهینەرانە. زیاتر لەوەش، پەرۆشی قوتابیان بۆ بەشداریکردن لە چالاکیەکانی پۆل و تیگەیشتنێکی قوڵ بۆ بابەتەکان سیمایەکی دیکە بوون لە کۆی پرۆسەکە. هەروەها ستراتیژی ئاڵوگۆڕی وەکو ئامرازیك کاری دەکرد بۆ بەرزکردنەوەی متمانەبەخۆی قوتابیان چونکە قوتابیان بەرپرسیارەتی گشت چالاکیەکانیان هەڵدەگرت. لە کاتی جیبەجێکردنی ستراتیژیەکە و بە پشت بەستن بە ئەنجامەکان توێژەران هەندیك پێشنیار بۆ پەروەردەکاران و توێژەران دەخەنەڕوو:

1. جیبەجیکردنی ستراتیژی ئاڵوگۆڕی فێربوون لە بابەتەکانی وەکو کیمیا و فیزیا و بایلۆجی... هتد.

2. گرنگیدانی زیاتر بە کارامەییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە قوتابخانەکان.
3. جێبەجێکردنی ستراتیژی ئاڵوگۆڕی لەگەڵ ڕەگەز و ژینگەی جیاواز.
4. بەکارهێنانی ستراتیژی ئاڵوگۆری بۆ بەرەو پێشبردنی جۆرەجیاوازەکانی بیرکردنەوە.

## سەرچاوەکان:


Ahada, I. (2023). The Implementation of the Reciprocal Teaching Strategy for Enhancing Listening Comprehension. *Borneo Educational Journal* (Borju), 5(2), 273-282.

Ahmadi, M. R., & Ismail, H. N. (2012). Reciprocal teaching strategy as an important factor of improving reading comprehension. *International Journal of English Linguistics*, *2*(1), 120–130.

Al-Mahasneh, R. (2018). The role of teachers in establishing an attractive environment to develop the creative thinking among basic stage students in the schools of Tafilah Governorate according to their own perspective. *Journal of Curriculum and Teaching, 7*(2), 206–221.

Ayasrah, S., Obeidat, M., Katatbeh, Q., Aljarrah, A., & Al-Akhras, M.-A. (2023). Practicing creative thinking and its relation to academic achievement. *Creativity Studies, 16*(1), 178–192.

Beers, S. Z. (2011). *21st Century Skills: Preparing Students for THEIR Future*. Kappa Delta Pi Record, 47(1), 8–12.

Beloyianni, V., & Zbainos, D. (2021). What hinders creativity? Investigating middle school students' perceived influence of barriers to creativity for improving school creativity friendliness. *Educar em Revista, 37*.

Cárdenas, K. J., & López Pinzón, M. M. (2019). The reciprocal teaching model in the development of writing in tenth graders. *GIST Education and Learning Research Journal*, *(19)*, 128–147.

Dawson, C., Julku, H., Pihlajamäki, M., Kaakinen, J., Schooler, J, W., & Simola, J. (2024). *Evidence-based scientific thinking and decision-making in everyday life*. *Cognitive Research: Principles and Implications, 9*, Article 50.

de Alencar, E. M. S., de Souza Fleith, D., & Pereira, N. (2017). Creativity in higher education: Challenges and facilitating factors. *Temas em Psicologia, 25*(2), 553–561

Greenway, C. (2010). The process, pitfalls and benefits of implementing a reciprocal teaching intervention to improve the reading comprehension of a group of Year 6 pupils. *Educational Psychology in Practice*, *18*(2), 113–137.

Kereluik, K., Mishra, P., Fahnoe, C., & Terry, L. (2013).What knowledge is of most worth: Teacher knowledge for 21st-century learning. Journal of Digital Learning in Teacher Education, 29(4), 127–140

Kim, K. H. (2019). Demystifying creativity: What creativity isn't and is? *Roeper Review, 41*(2), 119–128.

Kula, S., & Budak, Y. (2020). The effects of reciprocal teaching on reading comprehension, retention and self-efficacy perception. Pegem Journal of Education and Instruction. 10(2), 493-522.

Lestari, R. P. A. (2015). Teachers' reciprocal teaching strategies in teaching reading descriptive text. *Journal of English Education Program (JEEP)*, *2* (2), 45–53.

Mafarja, N., Mohamad, M. M., Zulnaidi, H., & Fadzil, H. M. (2023). Using of reciprocal teaching to enhance academic achievement: A systematic literature review. Heliyon, 9(7), e18269.

Mafarja, N., Zulnaidi, H., & Fadzil, H. M. (2022). Using reciprocal teaching strategy to improve physics students' critical thinking ability. *Eurasia Journal of Mathematics, Science and Technology Education*, 18(1), em2069.

Mafarja, N., Zulnaidi, H., & Mohd Fadzil, H. (2022). Using reciprocal teaching strategy to improve physics students' critical thinking ability. *EURASIA Journal of Mathematics, Science and Technology Education*, 18(1), 1-14.

Mawlood, A. A., & Abbas, N. J. (2022). Teachers' attitudes towards reciprocal teaching strategies for improving high school students' reading skills. *Journal of Language Studies*, *5*(4).

Ningrum, A. W. C., & Chakim, N. (2020). Enhancing EFL students' reading comprehension using online-based reciprocal teaching strategy. *RETAIN: Journal of Research in English Language Teaching*, *8*(4).

Ningsih, M. K., Sujadi, I., & Subanti, S. (2017). Creative thinking processes of vocational students with high learning motivation in mathematic problem posing. *Advances in Social Science, Education and Humanities Research*. 160, 140–144).

Oczkus, L. D. (2018). Reciprocal teaching at work: Powerful strategies and lessons for improving reading comprehension (3rd ed.). ASCD.

Okkinga, M., van Gelderena, A. J. S., van Schootena, E., van Steenselc, R., & Sleegerse, P. J. C. (2021). Implementation quality of principles of reciprocal teaching in whole-classroom settings: A two-year study with low-achieving adolescents. *Reading Psychology*, *42*(4), 323–363.

Palmiano, R. R., DPA. (2020). Reciprocal Teaching Strategy: Its Implication on Teaching and Learning the General Education Core Subject. *International Journal of Scientific and Research Publication*, 10(9), 843-847.

Samaniego, M., Usca, N., Salguero, J., & Quevedo, W. (2024). *Creative thinking in art and design education: A systematic review*. *Education Sciences, 14*(2), 192.

Solihat, A. N., Dahlan, D., Kusnendi, & Susetyo, B. (2023). Effectiveness of creative thinking instruments through discovery learning models in improving creative thinking skills. *Jurnal Inovasi Pendidikan Ekonomi.* 14 (1). 1-19.

Timotheou, S., & Ioannou, A. (2021). Learning and innovation skills in making contexts: A comprehensive analytical framework and coding scheme. *Educational Technology Research and Development, 69*(6), 3179–3207.

Utami, A. D., Corebima, A. D., Zubaidah, S., & Mahanal, S. (2017). Improving students' creative thinking skills through the problem-based learning (PBL) model with scaffolding. *Journal of Physics*: Conference Series, 895, 012045. [https://doi.org/10.1088/17426596/895/1/012045](https://doi.org/10.1088/1742-6596/895/1/012045)

Wulandari, R. (2021). Characteristics and learning models of the 21st century. *Social, Humanities and Educational Studies (SHES): Conference Series*, 4(3), 8–16

Zubaidah, S., Fuad, N. M., Mahanal, S., & Suarsini, E. (2017). Improving creative thinking skills of students through differentiated science inquiry integrated with mind map. Journal of Turkish Science Education, 14(4), 77–91.

-----------------------------------------------------------------------------------------------

## The Effect of Reciprocal Teaching Strategy on the Creative Thinking Skills

**Peshawa Faris Abdullah**
Kindergarten Department, College of Basic Education, Soran University, Soran, Kurdistan Region, Iraq
Email: Peshawa.abdullah@soran.edu.iq

**Avin khalil abdulwahid**
General Science Department, College of Basic Education, Soran University, Soran, Kurdistan Region, Iraq
Email: ak4721@gsci.soran.edu.iq

**Mayada Mikael Bahaalddin**
General Science Department, College of Basic Education, Soran University, Soran, K Kurdistan Region, Iraq
Email: Mm3521@gsci.soran.edu.iq

## Abstract

Nowadays, With Rapid Changes occurring in all aspects of life, placing greater emphasis on education, learning, and the development of various skills has become essential for every individual in society to lead more accomplished life. Educators must employ a range of effective techniques and distinctive strategies to make the educational process more efficient and to achieve academic goals. One such strategy is the Reciprocal teaching strategy. The aim of this research was to determine the effect of this learning strategy on the development of Creative thinking skills in both the experimental and control groups. In the school subject Science for All, the researchers applied the Four steps of the Reciprocal strategy (summarizing, Questioning, clarifying, and predicting) with experimental group which students number are (23), and control group taught same topic by using Traditional method, the student number in control group are (22) students. After collecting and analyzing data from both groups – including age, first semester scores in Science for All, Intelligence score, and creative thinking it was found that the groups were balanced. After implementation of the Reciprocal strategy in the experimental group then comparing the results to the control group, the calculated T-values was found to be 3.53 which greater than the T-schedule which is equal to 2.021 at freedom 43. This indicates that the Reciprocal teaching strategy had a significant positive effect on enhancing the creative thinking skills of the students in the experimental group.

***Keywords:*** *Reciprocal Strategy, Student-Center, Teaching Style, Creative Thinking, Collaboration*

# أثر استراتيجيات تبادل التعلم في تطوير مهارات التفكير الإبداعي

**ملخص:**
في الوقت الحالي بسـبب التغيرات السـريعة في جميع جوانب الحياة البشـرية فإنّ الاهتمام بعملية التعلم والتعليم وتطور المهارات المتنوعة قد أصـبح ضـرورة لحياة كل فرد في المجتمع من أجل حياة أكثر انتاجية، ولكي تكون العملية التعليمية أكثر فعالية وتحقق أهدافها بطريقة أكاديمية ينبغي على المعلمين استعمال مجموعة متنوعة من التقنيات والاستراتيجيات الفعالة، وإحدى هذه الاستراتيجيات والنشاطات هي: (استراتيجية تبادل التعلم).
والهدف من هذا البحث هو تحديد فعالية استراتيجية التعلم في تطوير (تحسين) مهارت التفكير الإبداعي بين مجموعَتَي البحث، واتبع الباحثون عملياً أربع خطوات من اسـتراتيجيتهم وهي: (التلخيص، طرح الأسـئلة، التوضـيح، التنبؤ) لمادة العلم للجميع مع المجموعة التجريبية المكونة من 23 طالباً، وكذلك المجموعة الضابطة التي تُشرح لهم المواد بالطريقة المعتادة والمكونة من 22 طالباً، وبعد جمع والتحليل الإحصـائي لبيانات مجموعتَي الدراسـة في متغيّرات العمر، درجة مادة العلم في الموسـم الأول للجميع، وكذلك درجة الذكاء الطلاب والتفكير الإبداعي لكتا المجموعتين كانا متوازيين، وبعد تنفيذ اسـتراتيجية التبادل على المجموعة التجريبية ثم مقارنتها بالمجموعة الضـابطة كانت القيمة التائية المعثور عليها مساوية لـ(3.53)، وهذه القيمة أكبر من القيمة التائية الجدولية إذ درجة الحرية 53 هي: ( 2.021)، وهذا يعني أن لاسـتعمال اسـتراتيجية التبادل أثراً لتطوير التفكير الإبداعي لدى المجموعة التجريبية مقارنة بالمجموعة الضابطة.